کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
13-11-2007 17:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**خێزانێکی فەوتاو بە دەست مەوادی موخەدرەوە! ... گەلاوێژ موحەممەدی**

ئەم خانەوادە پێک هاتبوون لە سێ کەس،
دایک، باوک و کورێک! زۆر پێشکەوتوو و خۆشبەخت بوون.
هەمووهیواو ئاواتێکیان ئەوە بوو کە کوڕەکەیان کەسێکی سەرکەوتوو و خۆشبەخت بێت و ژیانی ئاسای ڕۆژانەی خۆیانیان دەبردە سەر.
دوای ئەوە ئەم کوڕە لە بوارەکانی خوێندن و چالاکی نهێنیی سیاسی زۆر چالاک و هەڵسوور بوو و بوارە سەختەکانی ژیانی تێپەڕاندبوو، بە پێویستی زانی ژیانی هاوبەشیش کە لە ژیانی هەموو مرۆڤێک دا پێویستە، پێک بهێنێت.
لە گەڵ کەسێک کە خۆشی ئەویت ژیانی هاوبەشی پێکدەهێنێت و ماوەی دوو ساڵێک بێ کێشە، ژیانی ئاسای ڕۆژانەی خۆیان دەبەنە سەر. دایک و باوک لە گەڵ کوڕەکەیان و بووکەکەیان زۆر بە بەختەوەری دەژین ڕۆژ بەڕۆژ خۆشی و شادی لەمماڵەدا زیاد دەبێ!
بەڵام بەداخەوە شەمشەمە کوێرەکانی ڕۆشنای و شادی نە بینی، کۆماری ئیسلامی ئێران چاویان خۆشی و شادی کەسانی خاوەن هەست و خولیای ئازادی نابینێت و پلانی بۆ دادەڕێژن!
پلانەکەش ئەوە دەبێت کە لە ڕێگای کار بەدەستان و چڵکاو خۆرانی خۆیانەوە شەڕ بۆکوڕە دروست ئەکەن و لە مێوانداری و لە ڕێگای خواردن و خواردنەوەوە، کوڕەکە تووشی مەوادی موخەدر ئەکەن و کوڕەکەش بە خۆی نازانێ کە شەمشەمە کوێرەکان چاویان خۆشی و ئازادی نابینێ و پلانەکەیان سەر دەکەوێت و ئەو ماڵەی کە هەموو قووژبنێکی ماڵەکەیان هەر خۆشی و شادی پێوە دیار بوو، دەبێتە دۆزەخێک بۆ هەموویان. ئەو دایک و باوکە کە سەدان خۆزگە و ئاواتیان بە کوڕە تاقانەکەیان هەبوو، ئاواتیان دەخواست ڕۆژێک زووتر کوڕەکەیان بمرێت.
لە پێشدا ئیشارەمان پێکرد کە کوڕەکە ژنی هێنابوو!
ئەم خانەوادە وایان لێدێ کە هەرچی سەروەت و سامانیان دەبێت لە ڕێگای کوڕەکەیانەوە لە دەستی ئەدەن! ئیتر هیچ لەو ماڵە نامێنێتەوە کە بۆی بفرۆشن.
ڕۆژێک دەچێتە ژوور باوک و دایکیەوە پەنا دەباتە باخەڵی باوکی بزانی پارەی پێیە باوکی ئەبینێت کە کوڕەکەی بە تەمای دزییە، زۆر بە توندی لێی تووڕە دەبێت. کوڕەکەش پاڵێک بە باوکی ریش سپیەوە ئەنێت!
بە دوای ئەو پاڵە، باوکی تووشی نەخۆشی سەکتە ئەبێت!
ئیتر ژیانی ئەم خانەوادەیە کە لە پێشا زۆر بەختەوەر و شاد بوون وایان لێدێ کە خەڵک خێریان پێ بکات! لە هەموو ناخۆشتر ئەوە ئەبێ کە ژنی ئەم کوڕە کە تووشی مەوادی موخەدر هاتووە، سکی پڕ دەبێت و منداڵێکی ڕۆژ ڕەشیان ئەبێت. چوار کەس لە بەدبەختی و ناهومێدی دەژین و هەرچی هەوڵ و تێکۆشانیان هەیە، دەیخەنە گەڕ بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ کوڕەکەیان بدۆزنەوە. بەڵام بە داخەوە زۆر هەوڵیاندا نەیانتوانی و بەڵکوو قووربانی گەورەتریان بۆ دا.
قووربانیەکەش ئەوە دەبێ کە کوڕەکە پەنا دەباتە بەر ژنەکەی بۆ ئەوەی لەو هاڵەتە رزگاری بێت! پیی ئەڵێ: بۆ ئاخرین جار یارمەتیم بکە ئیتر واز لەم کارە دێنم.
ژنەش ئەڵێت هەرچی شتە ئێمە بۆ تۆمان کردووە کە لەم نەخۆشینە رزگارێت بیت، ئەمەشت بۆ ئەکەین!
بە ژنەکەی ئەڵێت من هیچم نە ماوە بیدەم بە ئەو کەسەی کە مەوادم ئەداتێ
تۆ ئەم جارە بڕۆ بۆ لای داوای لێبکە بەڵکوو بیکات بە خاتری تۆ!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ژنی بێچارە دەڕوات بۆ ئەو جێگایەی کە مێردەکەی پێینیشان ئەدات.
کاتێ دەچێتە ژوورەوە، پیاوێک دەرگای لێ ئەکاتەوە و فەرمووی لێ ئەکات.
ژنیش ئەڵێ: من لە لایەن فڵانەکەسەوە هاتووم ئەویش ئەڵی ئەزانم! منێش هەدەفم ئەوە بوو کە تۆ بێی.
پیاوە هەڕەشەی ناموسی ئەکاتە سەر ژنی بێ چارە و بە زۆری دەسدرێژی دەکاتە سەری.
ژنەکەش زۆر شەرەف و ناموسی خۆی پاراستووە و ئێستا بووەتە قووربانی بە کار هێنانی مەوادی موخەدری میردەکەی.
هەڵئەستێت بە کوشتنی خۆی و چاوانی خۆی لە ئەو دوونیای نا بەرابەرە دەنووقێنێت.
بەرێزان ئەمە نە چیرۆکە و نە رۆمان! ئەمە لە راستی دا رووی داوە و منیش لە رێگای کەسێکەوە کە زۆر لە ئەم ژیان و بەسەر هاتە نزیک بووە و بە چاوی خۆی بینیویەتی و بۆمی گێڕاوەتەوە، ئەم باسەم بیستووە و ئێستا خستوومەتە پێش چاوی ئێوە، خوێنەرانی بەڕێز.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.